# پێشەوا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب

# ژیاننامەو بانگەوازی

**نوسینی زانای پایە بەرز:**
**شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز**
**وەرگێڕانی: م/ عبدالوالی عبدالرحیم علی**

## بسم اله الرحمن الرحيم

الحمد الله رب العالمين، وصلى الله وسلم و بارك على عبده ورسوله وخيرته من خلقه سيدنا وإمامنا محمد بن عبدالله، وعلى آله و أصحابه ومن والاه، وبعد:

**ئەم پێشەوا بەرێزە لەساڵی (١١١٥ﻫ) لەدایك بووە، وە ئەویش دیار و زانراوە دەربارەی ساڵی لەدایك بوونەكەی (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، وە ووتراوە لەساڵی (١١١١ﻫ) لەدایك بووە، بەلاَم ئەوەی كە ڕاستە و تەواوە ئەوەیە كەلە ساڵی (١١١٥ﻫ) لەدایك بووە .**

**شێخ سەرەتای خوێندنی لای باوكی دەست پێ كردووە لە شارۆچكەی** (العيينة)**، وە ئەم شارۆچكەیە شوێنی لەدایك بوونێتی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) كە گوندێكی دیاری كراو بووە لە** (اليمامة) **لە شاری** (النجد)**، لە باكوری ڕۆژئاوای شاری** (الرياض)**، وە ماوەی نێوان شاری** (النجد) **و** (الرياض) **حەفتا كیلۆمەترە .**

**هەر لەوێ لەدایك بووە وگەورە بووە لەسەر پەروەردەیەكی چاك گەشەی كردووە، هەر بە منداڵی دەستی كردووە بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، وە بەردەوام لە هەوڵ دان و تێ كۆشاندا بووە لە خوێندن و شارەزا بوون لەسەر دەستی باوكی شێخ عەبدول وەهابی كوڕی سلێمان كەیەكێك بووە لە شارەزا گەورەكان وزانایەكی پایە بەرز بووە و دادپرس**(قاضی)**بووە لەشارۆچكەی** (العيينة) **پاش ئەوەی گەیشتۆتە تەمەنی باڵغ بوون** (البلوغ)**حەجی كردووە و چووە بۆ كەعبەی پیرۆز** (بيت الله الحرام)**، وە فێری زانستی شەرعی بووە لەسەر دەستی هەندێك لەزانایانی حەرەمی پیرۆز**

واتــه: (مەككــه)، پاشــان ڕووی كردۆتــه (مەدینــه)، وەكۆبۆتــەوە لەگــەڵ زانایــانی ئەو شارە وبۆ ماوەیــەك لــەوێ ماوەتــەوە، وە زانــستی وەرگرتــووە لــەدوو زانــای گەورەو بەناوبانگ لە(مەدینە) لەو كاتەدا، كە ئــەوانیش (شیخ عبـــدالله بـــن ســـیف النجدي)كــەباوكی (شیخ ابراهیم بن عبدالله) یە كە خاوەنی كتێبی (العذب الفـــائض في علـــم الفـــرائض)ە، هــەروەها زانــستی وەرگرتوەلە (شیخ محمد حیـــاة الـــسندی) لەمەدینە، ئەوەی كە زانراوە ئەوەیــە كــە لــە (مەدینــە) لــەم دوو زانایــەوە فێــری زانــستی شـــەرعی بـــووە، لەوانەیـــشە لەغـــەیری ئەوانیـــشەوە فێـــری زانـــستی شەرعی بوو بێت بەڵام ئێمە نایزانین.

هــەروەها شــێخ بــۆ فێربــوونی زانــستی شەرعی ڕووی كردۆتــە (عێـراق)، وەچـۆتە شاری (بەصـرە) وە لەگــەڵ زانایــانی ئــەو شــارەدا كۆبۆتـــەوە و لێیانـــەوە فێـــری زانست بــووە ئەوەنــدەی كــەخوای گــەورە ویستی لەسەر بوو بێت .

وەهەستاوە بە ئاشكرا كردن ودەرخستنی بانگەوازەكــەی كــە بریتــی بــووە لــە بــانگ كردنی خەڵكی بۆ یەكخواپەرستی خوای گـــەورە، وە بانگـــەوازی كـــردوون بـــۆ پەیوەست بوون بەسوننەتەوە، وە بۆ ئەو خەڵكــەی ڕوون كردوەتــەوە كــە ئــەوەی پێویـــستە لەســـەر هـــەموو موســـڵمانان ئەوەیــە كــە ئایینەكــەیان وەربگــرن لــە قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

وە لەو پێناوەدا گفتوگۆی كردووە وبیری خەڵكی خستوەتەوە وە هەر لەوێ توشـی ووتــو وێــژ بــووە لەگــەڵ هەنــدێ زانــادا، وەلەوێش لەمامۆستا دیارەكانی كەسێك بــوو بــەناوی (محمـــد المجمـــوعی)، بــەڵام هەندێك لە زانایانی بەصرە دژیان وەستان و خــەڵكیان لــێ هانــدەدان، كــەبووە هـۆی ئەوەی كــە خـۆی ومامۆسـتاكەی هەنـدێك ئازار و نارەحەتیان چەشت وئەو شـوێنەی بەجێهێـشت، لەنیازیــدا بــوو كەبــچێت بــۆ (شــام) بـــەڵام نـــەیتوانی بـــچێت بـــەهۆی نــەبوونی پــارەو ئازوقــەی پێویــست بــۆ ڕێگاكەی، هەر بۆیە لەشاری (بەصـرە) وە بەڕێ كەوت بەرەو (زوبـیر) لەوێـشەوە بـۆ (الإحـــساء)، لەوێـشەوە لەگــەڵ زاناكـانی ئەوێـدا كۆبوەتـــەوە وتـــاتوێی زانـــستی شـــەرعی لەگەڵـــدا كـــردوون و بەتایبـــەت دەربارەی بنچینە سەرەكیيەكانی ئـایینی ئیـــسلام، پاشـــان ڕوو دەكاتـــە شـــاری (حریملاء) چـونكە بـاوكی وەختـی خـۆی دادپـرس بـووە لـە شارۆچـكەی (العیینـــة) بـــەڵام لەگـــەڵ فـــەرمان ڕەوای ئـــەوێ دا ناكۆكی دەكەوێتـە نێوانیانـەوە، هەربۆیـە

ئەویّ بەجیّ دەهێڵێت بەرەو (حـــريملاء) لەساڵی (١١٣٩ﮪ)، شـێخ موحەممـەدیش نیشتەجیّ دەبێت لای باوکی دوای ساڵێك واتـە سـاڵی (١١٤٠ﮪ) یـان دواتـر، لـەوێش بەردەوام دەبێت لەسەر فێربوونی زانستی شەرعی و بڵاوبوونەوەی لە نێوان خەڵكداو هـەروەها بانگـەوازی کـردن، هـەتا بـاوکی وەفاتی کرد لەساڵی (١١٥٣ﮪ)، هەندێك لە کەسـانی نـەفس نـزم هـەوڵیان دا کـە لـە ناوی بەرن و کەوتنـە فیتنـەو ئـاژاوەگێڕان لـــە دژی، وە ووتـــراوە: هەنـــدێك لـــەو ناحەزانەی خەریك بووە دیواری ماڵەکەی بەسـەردا بڕوخێنن، بـەڵام هەندێك خـەڵك پێیـان زانیـوون، ئـیتر شـێخ لـەویّ ڕای کردوو ئەویّی بەجێهێشت و چووە شاری (العيينة) (رەحمەتی خوای لیّ بێت).

وە هۆکـــاری تـــووڕەیی ئـــەو کەســـانە دەربارەی شێخ دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەوەی کەشـــێخ فـــەرمانی بەچـــاکە دەکـــردوو خراپـــەی قەدەغـــە دەکـــردوو هـــانی فـــەرمانڕەوایانی دەدا بـــۆ ســـزادانی تاوانباران و تەمیّ کردنی ئـەو کەسانەی کەدەست درێژی دەکەنە سەر خەڵكی لە ڕیّی تـــاڵانکردنی مـــاڵ و ســـامانیان و ئازاردانی جەستەیان.

وە ئەو کەسـە خراپانـەی پێیـان دەووتـرا (العبیـد) وە کاتێـك زانیـان کەشـێخ دژی ئەوانـە ڕازی نابێـت بەهەڵـسوکەوتیان وە بـەردەوام هـانی فـەرمانڕەوایان دەدات بـۆ سزا دانیان ونەهێشتنی زیـان و تاوانیـان، زۆر تـووڕە بـوون ودەیانویـست بیکـوژن، بەڵام خوای گەورە پاراستی وڕزگاری کرد لە چنگیان.

وە کـە ڕووی کـردە شـاری (العيينـــــة) لەوکاتەدا فەرمارەوای ئـەویّ (عثمان بـــن ناصر بن معمر) بوو.

شێخ لای نیشتەجیّ بوو لەدوای ئـەوەی کەپێشوازییەکی گەرمی لیّ دەکات و پێی دەڵێـت: تـۆ هەسـتە بەبانگـەوازی ئـەو خەڵكـە بـۆ بەرنامـەی خـودا و ئێمـەش لەگـەڵ تـۆداین پـشتگیریت دەکـەین، خۆشەویـستی و ڕێـزو چاکەی بـۆ شـێخ دادەناو وە بۆ ئەو بەرنامەیەش کـە شـێخ بانگەوازی بۆ دەکرد کە ئیسلامە.

لـەوێش شـێخ موحەمـەد سـەرقاڵی فێرکـردن وڕێنمـوی کـردن و بانگـەواز کـردن بـوو هـەروەها ڕێبەرایـەتی ئـەو خەڵكـەی دەکـرد بـۆ خێـرو چـاکە و خۆشەویـستی یـەکتر لەبـەر خـوا بـەپیاوو ژنـەوە، وە ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کەناو بـانگ پەیدا بکـات لـە (العيينـــة) وە خەڵكی لـە گوندەکانی دەورو پـشتیـەوە دەهاتن بۆ لای، وەڕۆژێك شـێخ موحەممـەد بە فەرمان ڕەوا (عثمان بن ناصر) دەڵێـت:

بۆ هەڵنەسین بە ڕوخاندنی ئەو گومەزەی سەر گۆڕی (زەیدی کوڕی خەتتاب ﷺ)

*شێخ موحەممەد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خۆی بۆ خۆی هەڵنەسا بەڕوخاندنی ئەوگومەزە بەڵکو داوای لە فەرمان ڕەوا کرد کە هەستێت بەو کارە چونکە ئەو جۆرە کارانە دەبێت فەرمان ڕەوا پێی هەستێت، وە دروست نییە بۆ تاکی موسڵمان هە ستێت بەو کارانە لەبەر ئەوەی فیتنە وئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە .

چونکە دروست کردنی خانوو گومەز بەسەر گۆڕەوە کارێکی حەرامە ودوورە لە سوننەتەوە، وە خوای گەورە ڕازی نییە بەو کارە و پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە دروست کردنی خانوو بینا وگومەز بەسەر گۆڕەوە، یان دروست کردنی مزگەوت بەسەر گۆڕەوە، هەروەها ئەم گومەزانە خەڵکی تووشی گومڕایی و هاوەڵ پەیدا کردن کردووە، وە بیروباوەڕی ئەو خەڵکەی گۆڕیوە، کەواتە پێویستە بڕوخێنرێت فەرمان ڕەواش پێی ووت:

هیچ ڕێگرییەکم نییە لەو کارە .

شێخیش ووتی: من لەوە ئەترسم کە خەڵکی (الجبيلە)لە دژمان هەستن و ڕاپەڕن و(الجبيلە)گوندێکی نزیکە لەو گۆڕەوە. پاشان (عثمان بن ناسر) چووە دەرەوەی شار بەرەوئەو شوێنە بە هاوڕییەتی (٦٠٠) جەنگاوەر بۆ ڕووخاندنی ئەو گومەزە، وە شێخ موحەممەدیش لەگەڵیاندا بوو (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وە کاتێك نزیك بوونەوە لە شوێنی گۆڕەکە، خەڵکی(الجبيلە) بەرەو ڕوویان هاتن وەختێك کە زانیان بۆ ڕووخاندنی هاتوون، بۆ ئەوەی بیپارێزن و نەهێڵن بیڕوخێنن، بەڵام کاتێك کە بینیان فەرمان ڕەوا ئەو هەموو جەنگاوەرەی لەگەڵدایە وازیان هێناو گەڕانەوە.

خێرا شێخ موحەممەد دەستی کرد بە ڕووخاندنی گومەزی سەر گۆڕەکەو لای برد، شێخ (ڕەحمەتی خوای لێبێت)بینای سەر گۆڕکەی لابرد، وە دەست کاری گۆڕەکەی نەکردووە لاشەی مردووەکەی دەرنەهێنا بەڵکو تەنها ئەوەی لابرد کە موخالەفەی سوننەت بوو، ئەمەش پەیوەستی شێخ دەردەخات بەسوننەتەوە، چونکە دەستکاری کردنی(ڕووفاتی) مردو کارێکی شەرعی نییە .

خوای گەورە ئەو کارە پیرۆزەی بەخشی بەشێخ و بەدەستی ئەو ئەو گومەزەی لابرد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) .

کەواتە پێویست دەکات باسێکی شاری (النجد) بکەین پێش دەست پێکردنی بانگەوازی شێخ موحەممەد و هۆکارەکاری هەستانی بەکاری بانگەواز کردن بۆ ئیسلام:

خەڵکی شاری (النجد) پێش بانگەوازەکەی شێخ لەبارودۆخێکدا بوون کە مرۆڤی باوەڕدار پێی رازی نابێت چونکە هاوەڵ پەیدا کردنی گەورە سەری هەڵدابوو لە ناویاندا وبڵاوببووەوە بە جۆرێك کە خەڵکی کەوتبوونە پەرستنی گۆڕو گومەز ودارو بەردو پەرستنی کەسانێك کە خۆیان بە دۆستی خوا دەزانی بەلاَم لەڕاستیدا کەسانێکی شێت و بێ عەقڵ بوون .

وە خەڵکانێك دەپەرستران لە غەیری خوای گەورە کە خۆیان بە وەلی ودۆستی خوا دەزانی بەلاَم ئەوانە خەڵکانێکی شێت وبێ عەقل بوون

هەروەها لەشاری (النجد)جادووگەر وفاڵچی ناوبانگ ودەسەلاَتیان پەیدا کردبوو، هەروەها خەڵکانێکی زۆر ڕوویان تێ دەکردن بە مەبەستی پرسیار لێ کردنیان وە باوەڕهێنان بەقسەکانیان، وە کەسانێك نەبوو هەڵسێت بە ئینکاری کردن وقەدەغەکردنی ئەو کارە (إلا من شاء الله).

وە زۆربەی ئەو خەڵکە سەرقاڵی دونیاو ئارەزووەکانیان بوون، وە زۆر کەم بوون ئەوانەی فەرمانەکانی خوایان جێ بەجێ ئەکرد وگوێڕایەڵ بوون، بەلاَم ئەم پەتاو نەخۆشیانە هەر لە شاری(النجد)دا نەبوو بە تەنها، بەڵکو تەنانەت شاری (مەککە و مەدینەش) بەهەمان شێوە بوو، هەروەها لە یەمەن هاوەڵ پەیدا کردن کارێکی بەربلاَو بووبە چەندەها جۆر لەوانە دروست کردنی گومەز لەسەر گۆڕستان وپاڕانەوە لە دۆستانی خوا و پیاو چاکان وداوای یارمەتی و فریاکەوتن لێیان، وە لەشار وشارۆچکەکانی (النجد) بەژمارەیەکی بێ ئەندازە شیرك و خورافەت هەبوو، خەڵکی خەریکی پەرستنی غەیری خوا بوون لە چەندەها شوێن، وەك لای گۆڕ یان لە ئەشکەوتدا، یاخود پەرستنی دارو بەرد وخەڵکانێکی شێت وبێ عەقڵ کە پاڕانەوەیان لێ دەکراو داوای فریاکەوتنیان لێدەکرا،

وە هەروەها لەوەی کە زانراوە لەناو شاری (النجد) بریتی بووە لە پاڕانەوە لە جنۆکەو داوای فریاکەوتن لێیان وە سەربڕینی حەیوان بۆیان، وە دانانی ئەو گۆشتە لەسوچێکی ماڵەکانیاندا بە هیوای ئەوەی ڕزگاریان بکەن لەناڕەحەتی و ترساون لەخراپەو شەڕیان .

کاتێك کە پێشەوا بەچاوی خۆی دەیبینی کە چۆن شیرك و خورافەت لەناو خەڵکیدا بڵاو بوەتەوە و هیچ کەسێك نییە کەخەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە وقەدەغەیان بکات وبانگەوازیان بکات بۆ ئیسلامی ڕاستەقینە، لەبەر ئەوە شێخ قۆڵی ئازایاتی و هەوڵدانی لێ هەڵماڵی ودەستی کرد بەبانگەواز کردن و ئارام گرتن لەسەری، وە دەیزانی کە پێویستە هەوڵ بدات وئارام بگرێت لەسەر ناڕەحەتییەکان، بۆیە زۆر سەرقاڵ بوو بەفێرکردنی زانستی شەرعی و ئاراستە کردنی خەڵکی بۆ خێرو چاکە وڕێنمونی کردنیان لەکاتێکدا کە لەشاری (العيينة) بوو، وە بەردەوام نامەی بۆ زانایانی چوار دەوری دەنووسی وبیری دەخستنەوە بەوەی کە هەستن بە ئەرکی سەرشانیان، بەهیوای ئەوەی ئەوانیش لەگەڵیدا بن لەسەرخستنی دینی ئیسلام و بەرەنگار بوونەوەی شیرك و خورافەت، ئەوەبوو هەندێك وەڵامی داواکارییەکەیان دایەوە لەزانایانی (النجد) و (مککە و مەدینەو یەمەن) و غەیری ئەوانیش بەڕازی بوون ویارمەتی دانی .

وە هەندێکیان بەپێچەوانەوە وەڵامیان دایەوە وبانگەوازەکەیان بە شتێکی خراپ لە قەڵەم دا وزەمیان کرد وەخەڵکیان هان ئەدا کەلێی دوور بکەونەوە، ئەوانەی کە دژی بانگەوازەکەی وەستان دوو جۆر بوون:-

یان ڕەتی بانگەوازەکەیان دەکردەوە بە هۆی نەزانین وکەسانێکی خورافی وبێ ئاگا بوون لە دینی ئیسلام چونکە نەیان دەزانی یەکخواپەرستی خوا چییە، بەڵکو تەنها ئەوەیان دەزانی کە باوك وباپیرانیان لەسەری بووە، کە بریتی بووە لە نەزانی وگومڕایی و شیرك و بیدعە وخورافەت .

هەروەها خوای گەورە دەربارەی هاوشێوەی ئەوان دەفەرموێت:

﴿إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْتَدُونَ﴾ [الزخرف: ٢٣] .

واتە: ئێمە باوك وباپیرانی خۆمان لەسەر داب ونەریتێك بینیوە کە بریتییە لە بت پەرستی، وە ئێمە شوێنی شوێنەواری ئەوان دەکەوین ولاسایی ئەوان دەکەینەوە.

وە کۆمەڵێکی تریان کەخۆیان پاڵ داوەتە لای زانست وخۆیان بە زانا دەزانی بەر پەرچیان دایەوە بە هۆی سەر کەشی وحەسودییەوە، بۆئەوەی خەڵکی عەوام پێیان نەڵێن چیتانە؟ چەند وەختە ئەو کارانەی کەدەیکەن بۆ قەدەغەتان نەکردین لێی، بۆچی کە موحەممەدی کوڕی عەبدول وەهاب هات ئەوەی کە ئەو

دەیڵـێ حەقــەو ئێـوەش خۆتـان بـە زانـا دەزانــن وە پێتــان نــەوتین ئــەو کارانــە حەرامە ؟!.

هەر بۆیە ئەم کۆمەڵەیان حەسودییان پـێ بردوو ڕوو ڕەشی لای خەڵکی عەوام بوون، وە بەرهەڵـستی حـەقیان کـردووو پـارەو پـولی دونیایـان پـێش خـست بەسـەر دوا ڕۆژدا، هەر وەك شـوێن کـەوتنی جولەکـە، کە دونیایان پێش خست بەسـەر دوا ڕۆژدا ودونیایان هەڵبژارد، داوا لە خوای گـەورە دەکەین کە بمـان پارێزێـت وسـەلامەتمان بکات لەو نەخۆشیيە .

بەڵام شێخ ئـارامی گـرت وهـەر لـە هـەوڵی بانگـەوازدا بـوو، وە هەنـدێك لـە زانايـان هانيـــــان دەدا و یارمـــــەتیان دەدا، وە هــەروەها خــەڵکانیش یارمـەتیان دەدا لـە ناو دوورگەی عەرەب، وە لەدەرەوەیشدا.

هەر بۆیە سوور بوو لەسەر بانگەوازەکـەی وپـشتی بـەخوای خـۆی دەبەسـت، وە لـە پـێش هەمویـشیەوە بـەردەوام پەیوەسـت بـوو بـە قورئـانی پـیرۆزەوە ودەسـتێکی بـاڵای هـەبوو لـە تەفـسیر کردنـی قورئـان وهـەڵێنجانی حوکمـە شـەرعیەکان تێیـدا، هــەروەها پەیوەسـت بـوو بـە ژیاننامــەی پێغەمبــەرﷺ وە ژیـانی هاوەڵـە بـەڕێزە کانیﷺ، وە زۆر هەوڵی ئـەدا بـۆ شـارەزا بوون لەژیانیان، هەتا ئەوەندە شارەزا بوو

لەو بوارانەدا کە بووە هۆی یارمـەتی دانـی وجێگیر کردنی لەسەر حەق، وە بـەردەوام بـوو لەسـەر بانگـەوازو بـڵاو کردنـەوەی لەنێوان خەڵکیدا، وە نوسراوی ئـەنارد بـۆ فەرمان ڕەوايان و زانايان وە گوێی نەئـەدا چـی ڕووی بدايـە، وەخـوای گـەورەيش زۆرێـك لـە خۆزگـەو هیواکـانی بـۆ بـەجێ هێناو ئـەو بانگـەوازە حەققـەی بەهۆیـەوە بڵاو کردەوە وەکـردی بـە پـشت و پـەنای حەق و کەسانێکی زۆری بـۆ تـەرخان کـرد کـە یارمـەتی وپـشت و پـەنایان دەکـرد، هــەتا ئــەو ئایینــەی کــە خــوای گــەورە ناردوويەتیيە خوارەوە هـەموو شـوێنێکی گرتەوە وشێخ بەردەوام ووشـەی (لا الـەالا الله) ی بەرز و بڵند ڕادەگرت بـەبێ کۆڵـدان بە تايبەتی لە شارۆچکەی (العيينة) .

کــە هــەوڵی فێــر کــردن و ڕێنیــشان دان وپاشـان کـارکردن و لابردنـی شـوێنەواری شیرك بەکردەوە بۆئەوەی خراپە نەهێڵێت بـە بـەکارهێنانی هێـزو توانـا ئەوەنـدەی کەدەیتوانی .

بۆ نمونە لـەو کاتـەی کەشـێخ بـە فـەرمان ڕەوا (عثمان بن ناصر) ی ووت: پێویـستە ئەم گومەزە لابەرین کە بەسـەر گۆڕەکـەی (زەید)ەوەیە، وە (زيدی کوڕی خـەتتاب) ﷺ بـــــرای (عومـــــەری کـــــوڕی خەتابە)خەلیفەی ئیمانـدارانﷺ، (زەیـد)

یەکێك بوو لەو کۆمەڵەی کە شەهید بوون لە جەنگی دژی (موسەیلەمە) ی درۆزن دا لە ساڵی (١٢) ی هجری، وە لەو شەڕەدا شەهید کرا، وە گومەزێك بەسەر گۆڕەکەیەوە دروست کرا وەك هەر باس کراوە، وە لەوانەیشە گۆڕی یەکێکی تر بێت بەڵام ووتراوە کە گۆڕی ئەو بێت، وە (عثمان بن ناصر) ڕازی بووە هەر وەك چۆن لە پێشدا باسمان کرد، وە گومەزەکە ڕوخێنرا بەیارمەتی خوای گەورەو شوێنەوارەکەی نەما هەتا ئەمڕۆ، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە یارمەتی دا لە لە ناوبردنیدا، چونکە شێخ نیازی پاك بوو لە لابردنی و مەبەستی ڕاست و ڕەوان بوو وە دەیویست حەق سەربخات، وە گۆڕی تریشی لێبووە لەوانە گۆڕێك کە وتراوە گۆڕی (ضرار بن الآزور) بووە کە خانووی بەسەرەوە بووە، پاشان ڕوخێنراوە بەهەمان شێوە چەندەها مەزارگەی تریش هەبووە کە خوای گەورە لای بردوون بە هۆی شێخ موحەمەدەوە، وە دارودرەختی ئەوتۆ هەبوون کە خەڵکی پەرستویانە لەغەیری خوا، وە دوای لابردن ولەناو بردنی خەڵکی لێ ئاگادار کردووەتەوە لەوەی کە تەنها خوای گەورە بپەرستن ودوور بکەونەوە لەپەرستنی غەیری خوا .

مەبەستمان ئەوەیە: کەشێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەردەوام بووە لەسەر بانگەواز بە کردەوە وبە قسە هەروەك باسمان کرد، هەروەها لەکارەکانیدا کەدەنگی دایەوە ئەوەیە کە ژنێك هات بۆ لای و دانی نا بەوەی کە زینای کردووە، وە شێخ پرسیاری دەکرد دەربارەی عەقڵی و پێیان ئەووت: کە عەقڵی تەواوە وهیچی نییە، وە کاتێك کەسور بوو لەسەر دان پێدانانەکەی، وە پەشیمان نەدەبوویەوە لەکاتێکا کە زۆری لێ نەکرا بوو، وە گومانی نەبوو لەوەی کە ئەو کارەی کردووە، پاشان شووی کردووە ومێردی هەیە، شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمانی دا بەوەی کەڕەجم بکرێت، وە ڕجم کرا .

*ڕەجم: سنورێکە (حەدێکە) لە سنورەکانی شەریعەتی ئیسلام کەبریتییە لە بەرد باران کردنی ئەو کەسە پیاو بێت یا ئافرەت کە عاقڵ بێت وئازاد (حر) بێت وبالغ بێت، وە ئەو پیاوەی ژنی هێنا بێت وە ئەو ئافرەتەی شوی کردبێت، وە ئەو حوکمە جێ بەجێ دەبێت بە دان پێدانانی ئەو کەسە خۆی یان هەبوونی چوار شایەت کە شایەتی بدەن لەسەر ئەو کارە، وە دەبێت فەرمان ڕەوا یان جێگیری هەستێت بە جێبەجێ کردنی ئەو

حوکمە وە بۆ تاکی موسڵمانان نییە هەستن بەو کارە، وە بەرد باران دەکرێت هەتا دەمرێت .

چونکە شێخ لەو کاتەدا داد پرس (قازی)بوو لە(العیینة)، ئیتر لە دوای ئەم ڕووداوە کارەکانی شێخ دەنگی دایەوە لەناو خەڵکی دا وناوبانگی دەرکرد بەوەی کە گومەز وخانوی سەر گۆڕ لادەبات وە حوکمی ڕەجم کردن جیٚ بەجیٚ دەکات وەبانگەواز دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێتەوە بۆلای خوا، وە خەڵکی لە ناوچەکانی چوار دەورەوە دەهاتن وکۆچیان دەکرد بۆ لای شێخ، هەم ئەم کارانەی گەیشتەوە بەفەرمان ڕەوای (الإحساء) و دەست وپێوەندەکانی (بني خالد سلیمان بن عریعر) بەوەی کە بانگەواز دەکات بۆ ئایینی ئیسلام ومەزارگە لادەبات و هەڵدەستیٚ بەجیٚ بەجیٚ کردنی فەرمانی خوا لە سزادانی کەسانی خاوەن تاوانی گەورە (إقامة الحدود).

هەر بۆیە ئەم کارانەی شێخ زۆر قورس بوو بەلای ئەم کابرا دەشتەکییەوە چونکە عادەتی خەڵکانی دەشتەکی وایە کە حەز بەستەم کاری و خوێن ڕشتن و تالاْن کردنی ماڵیٚ خەڵکی و دەست درێژی کردنە سەر ناموسی خەڵکییە، هەر بۆیە ترسا لەوەی کە شێخ دەسەلاْت پەیدا بکات و ببێتە هۆی لەناو چوونی دەسەلاْتەکەی هەر بۆیە خێرا نامەی نارد بۆلای (عثمان بن ناصر )کە فەرمان ڕەوای (العیینة) بوو، وە هەڕەشەی لیٚ کردوو فەرمانی پیٚ کرد هەستێت بەکوشتنی شێخ.

هەر بۆیە لە نامەکەی دا نووسی بووی: بیستومانە ئەو پیاوەی کە لەلاتانە ئاواو ئاوای کردووە، یان ئەوەیە کە بیکوژیت یاخود ئەو باجەی کە لامانە لێتی ئەبڕین و ناتدەینیٚ، چونکە باجی (عثمان بن ناصر) لەلای ئەمان هەبوو کە دەبووایە بیان دایە کە بریتی بوو لە ئاڵتون.

هەر بۆیە فەرمان ڕەوا (عثمان)ئەم هەڵوێستەی زۆر بەلاوە گران بوو، وەترسا لەوەی کە ئەگەر گوێڕایەڵی نەکات ئەو باجەی کە هەیە نەیداتیٚ یاخود دژی بجەنگێت.

بۆیە بە شێخی ووت: فلاْن فەرمان ڕەوا نامەیەکی بۆ ناردوین، ئەو شتانەی نووسیوە، وە ئێمەش بەکارێکی چاکی نازانین کە تۆ بکوژین، بەلاْم ئێمە لەم فەرمان ڕەوایە دەترسین وتوانامان نییە کە دژی بوەستین، ئەگەر بەباشی دەزانیت ئێرە چۆڵ بکەیت و بڕۆیت ئەوا زۆر باشە.

شێخیش وەڵامی دایەوەو ووتی: باش بزانە ئەوەی کەمن بانگەوازی بۆ دەکەم بریتییە لەو ئایینەی کە خوا پێی ڕازییە و بریتییە لە ئایینی ئیسلام، وە بانگەوازی من بۆ ئەوەیە کە خەڵك لە ووشەی (لا الە الا اللە) تێ بگەن و کردەوەی پێ بکەن، هەروەها لەشایەتی(محمد رسول اللە) ﷺ تێ بگەن و شوێنی بکەون، وە هەر کەسێك پەیوەست بێت بەم ئایینەوە و هەوڵی سەرخستنی بدات بەڕاستی، خوای گەورەش ئەو سەر دەخات وپشتگیری لێ دەکات وزاڵی دەکات بەسەر دوژمنەکانیدا، ئەگەر تۆش ئارام بگریت وبەردەوام بیت لەسەر ئەم ڕێگایە وئەم خێرو چاکەیەت وەرگرت کەئیسلامە، ئەوا مژدەت دەدەمێ کە خوای گەورە سەرت دەخات و ئەتپارێزێت لەم کابرا دەشتەکیيە وغەیری ئەویش وە خوای گەورە خۆی و وولآت وعەشیرەتەکەشی دەخاتە ژێر دەسەلآتت.

بەلآم وەلآمی (عثمان بن ناصر) بریتی بوو لەوەی کە بەشێخی ووت: ئێمە ناتوانین دژی بجەنگین، وە ناشتوانین ئارام بگرین لەسەر دژایەتی کردنی.

لەدوای ئەمە شێخ ئەوێی بەجێهێشت و لەشاری (العيينة)وە ڕووی کردە(الدرعية) وە بەپێ کەوتە ڕێ هەروەك باسیان کردووە، هەتا گەیشتە ئەوێ لەکۆتایی ئەو ڕۆژەدا چونکە کاتێك کە (عيينة) ی بەجێ هێشت لەسەرەتای ڕۆژدا بوو، وە (عثمان بن ناصر) وولآخێکی سواری پێ نەدا بوو هەتا پێی بڕوات، کاتێك گەیشتە (درعية) لەوێ لەماڵی یەکێك لە پیاو باشانی ئە ناوچەیە لایدا ومالّی ئەم کابرایەش کەوتبووە ناوچەیەکی بەرز لە شارەکەدا، کە ناوی ئەو پیاوە(محمد بن سوليم العريني) بووە .

دەڵێن: ئەم پیاوە زۆر ترساوە بەهاتنی شێخ بۆ ماڵەکەی ترسەکەشی لەبەر فەرمانڕەوای (درعية) بووە کە ناوی (محمد بن سعود) بوو، بەلآم شێخ بۆ کابرای ڕوون کردەوە کە بانگەوازەکەی بریتییە لەبانگ هێشت کردنی خەڵك بۆ دینی خواو بەرنامەکەی، وە لەمەو دوا خوای گەورە ئەم ئایینە بەرزو بڵند دەکات وسەری دەخات بەسەر هەموو دینە درۆینەکاندا، وە ئەوەندەی پێ نەچوو هەواڵی هاتنی شێخ محمد بۆ (درعية) گەیشتەوە بە فەرمانڕەوای ئەوێ واتە (محمد بن سعود) .

وە دەڵێن: ئەو کەسەی کە هەواڵی پێ داوە ژنەکەی خۆی بووە ئەویش لەڕێی هەندێك کەسانی چاکە خوازەوە کە هاتوون بۆ لای ژنەکەی و پێیان ووتوە:

بە فەرمانڕەوا بڵێ دەربارەی ئەم پیاوە وەهانی بدە با بانگەوازەکەی قەبوڵ بکات و پشت و پەنای بگرێت و یارمەتی بدات، وە بەڕاستی ئەم ئافرەتە کەسێکی عاقڵ و تێگەیشتوو و باش بوو هەر بۆیە کاتێك (محمد بن سعود) ودەستەو پێوەندەکانی ئەم هەواڵەیان بیست، ئەم ئافرەتە هەستا بەئامۆژگاری کردنی و پێی ووت: مژدەت لێ بێت بەو نیعمەتە گەورەو دەست کەوتە چاکەی کە خوای گەورە بۆی ناردووی، پیاوێك کە بانگەواز دەکات لەپێناوی خوداو بۆ بەرنامەکەی خواو قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئای چەند دەست کەوتێکی باشەو بە نرخە، دەی کەواتە تۆش قەبوڵی بکەو هەوڵی سەرخستنی بدەو بۆ ساتێکیش لێی مەوەستە، لەدوای ئەم قسانە (محمد بن سعود) قەناعەتی کردو ڕاوێژەکەی بەدڵ بوو وە ڕەتی نەکردەوە، پاشان کەوتە دوودڵییەوە کە بچێت بۆ لای یاخود بانگی بکات بۆ لای خۆی؟! هەر بۆیە پێیان ووت وە دەڵێین کە گوایە ژنەکەی و کۆمەڵێك لەو کەسە باشانە پێیان ووت کە جوان نییە بانگی بکەیت، بەڵکو باشتر وایە کە تۆ بچێت بۆ لای بۆ ئەو ماڵەی کە تێیدا میوانە، چونکە تۆ کەسێکی کە خاوەن زانست و بانگەوازکار بۆ چاکە بە چاوی ڕێزو گەورەییەوە تەماشا دەکەیت.

ئەویش بەقسەی کردن (چونکە بەڕاستی خوای گەورە خێرو خۆشی یەکی زۆری بۆ بڕیار دابوو) هەر بۆیە ڕۆیشت بۆ لای شێخ کە لەماڵی (محمد بن سویلم) بوو، لەوێ کە گەیشتە لای سڵاوی لێ کردوو دانیشت و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ شێخ وە پێی ووت: ئەی شێخ محمد مژدەت لێ بێت بەسەرکەوتن، مژدەت لێ بێت تۆ ئیتر سەلامەتیت وئێمە یارمەتیت دەدەین، شێخیش وەڵامی دایەوە و وتی: تۆش مژدەت لێ بێت خوای گەورەسەرکەوتووت دەکات و تواناو دەسەڵاتت زیاد دەکات و دەر ئەنجام هەر بۆ تۆ دەبێت، وە ئەم ئایینی ئیسلامە ئایینی خوایە و هەر کەسێك سەری بخات خواش سەری دەخات، وە هەر کەسێك پشتگیری بکات خوای گەورەش پشتگیری دەکات وە لە داهاتوودا بەرهەمی ئەو سەرکەوتنە دەبینین، پاشان محمد بن سعود ووتی: شێخ ئەوا منیش پەیمانت دەدەمێ لەسەر پەیوەست بوون بەئایینی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ وە لەسەر تێکۆشان لەپێناوی خودا دا، بەڵام ئێمە ترسمان لەوەدایە کە ئەگەر پشتگیریمان کردیت و خوای گەورە سەری خستیت بەسەر

دوژمنـــانی ئیـــسلامدا بڕۆیـــت وبـــەجێمان بهێڵـــی، ئـــەویش فـــەرمووی: نـــەخێر مـــن پـــەیمانت نـــادەمێ لەســـەر ئـــەوەی دەڕۆم، بەڵکو پەیمانت ئەدەمێ کە خـوێنم لەگـەڵ خۆێنتـــدا دەبێـــت، وە تاکۆتـــایی ژیـــانم لەگەڵتانــدا دەبم و ئێــرە بــەجێ نــاهێڵم، لەپاشاندا خەڵکی پۆل پۆل دەهاتن لەهەر چوار لای درعیـەوە لەشـارەکانی (عيينـــة، عرقة، منفوحة، رياض) وە لـە شـارەکانی کـــۆچ کردنـــی خـــەڵکی بـــۆی لـــە هـــەموو شوێنێکەوە بە شێوەیەکی بەردەوام، وە بەبیستنی هەواڵی شێخ لەلایـەن خـەڵکانی ئەو ناوچەیەوە لەڕوانگەی ئەو دەرسانەی کـە دەیوتـەوە لـە درعیـەوە، وە بانگـەواز کردنـــی بـــۆ ئیـــسلام و ڕێنمـــونی کردنـــی خـــەڵکی بـۆی، پـۆل پـۆل دەهـاتن بـۆلای شـــێخ، وە شـــێخ بـــووە کەســـایەتیەکی خۆشەویـست وســـەرکەوتوو بـــەڕێز لـــەناو خـــەڵکی دا، دەرسـەکانی ڕێـك خـست بـوو لەبوارەکانی بیروبـاوەڕ و قورئـانی پـیرۆزو تەفسیر و (فقه) و(حـديـث) و(مـصطلح) و زانــستەکانی زمــانی عــەرەبی ومێــژوو وە جۆرەهـــا زانـــستی تـــری بەســـوود .

وەلەدرعیـــە خـــەڵکێکی زۆر لـــە گـــەنجان و چینەکانی تر فێری زانستی شەرعی بـوون لەسەر دەستی چونکە بەجۆرێك وانـەکانی ڕێك خست بوو کەخەڵکی ئاسایی وقوتابی زانستی شەرعی سوودیان لێ دەبینی، بەم جـۆرە هەسـتا بـە بڵاوکردنـەوەی زانـستە شـــەرعیەکان، وە بـــەردەوام بـــوو لەســـەر بانگـــەواز وتـــێکۆشـــان ونامـــەناردن بـــۆ کەسانیتر هەتا لەو مەیدانە دەوور ببینن، ئەویش بەلابردنی هاوەڵ دانان وخوڕافـەت وبیدعـــە لەووڵاتەکەیانـــدا، وەســـەرەتا بـــە شاری نجد دەستی پێکرد هەربۆیە نامـەی نووسی بۆ زانایـان وکاربەدەسـتانی نجد، هەروەها بۆ زانایان وکاربەدەستی(رياض) کەناوی (دهام بـــن داوس) بـوو، هـەروەها زانایانی(خرج) وفەرمانڕەوایانی، هەروەها شـارەکانی باشـوور و(قصيم وحائل و وشم و ســــدير...)، بــەردەوام شــێخ نامــەی دەنـــارد بـــۆ زانایـــان و فـــەرمانڕەوایان، هەروەها زانایانی دەرەوەی سعودیە وەك (مصر، شام، عيراق، هند، يمـــن) وەبـیری دەخستنەوە و ئاگاداری دەکردنـەوە لـەو هـــاوەڵ پەیـــدا کـــردن و بیدعانـــەی کـــە زۆربەی خەڵکی تێی کەوتبوون .

وەبە هۆی ئەو نوسراوە زۆر و نامە نـاردن و هەوڵ وتێ کۆشانەی کە دەیدا ناوبـانگی شێخ بڵاو بـووەوەو ناسـرا، وە بانگـەوازی گەیشت بـەزۆر شـوێن، وەکتێـب و نامـە و نووســـراوەکانی گەیـــشت بـــەزانایان لـــە دەرەوەو ناوەوەی دوورگەی عەرەبی، وە کەســـانێکی زۆر کەوتنـــە ژێـــر کاریگـــەری

بانگەوازەکەی لە هیندستان وئەندەنوسیا وئەفغانستان وئەفریقیاو مەغریب ومصر وشام وعێراق، هاوکات لەو وولآتانەدا کەسایەتی بانگ خوازی زۆر هەبوو کە بە بیستنی بانگەوازی شێخ محمد زیاتر کەوتنە چالاکی و هەوڵ دان، بەو جۆرە بانگەوازی شێخ بلآوبۆیەوە لەناو جیهانی ئیسلامیدا بەجۆرێك کەهەتا ئێستاش و لەم سەردەمەدا کتێب ونووسراوی خۆی و کوڕەکانی وکوڕەزا وپشتیوانانی ویارمەتی دەرانی لەزانایانی موسڵمان لەناوەوەو دەرەوەی دوورگەی عەرەبیدا چاپ دەکرێت و بلآو دەکرێتەوە .

لەلای هەموانیش ئاشکرایە کە هەرکەسێك خوای گەورە نیعمەتێکی پێ ببەخشێ بێ گومان کەسانێك هەن کە حەسوودی پێ دەبەن و دوژمنایەتی دەکەن، وەشێخ محمدیش لەدوای بلآو بوونەوەی بانگەوازەکەی ونامە وکتێبە بەنرخەکانی وپەیوەندی کردنی لەگەڵ زانایان خەڵکانێك پەیدا بوون کە حەسوودیان پێ دەبرد و دوژمنایەتیان دەکرد .

بەشێوەیەکی گشتی دوژمنەکانی بوون بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان دوژمنایەتیان دەکرد بەناوی ئاینەوە

- بەشەکەی تردوژمنایەتیان دەکرد بەناوی سیاسەتەوە .

بەلآم لەژێر ناوی زانست خوازی دا واتە: خۆیان بە کەسانی خاوەن زانست دەزانی و لەژێر ناوی دیندا دژایەتیان دەکرد، وە دوژمنایەتی هەندێك لەو زانایانەیان دەقۆستەوە کە بوغزو ڕقیان لەبەرامبەر شێخ محمد دا ئاشکرا کرد بوو، وە دەیان ووت: ئەم پیاوە لەسەر حەق نییە و ئاواو ئاوایە ..... لەگەڵ ئەمانە هەمووی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەردەوام بوو لەسەر بانگەواز کردن ونەهێشتنی گومانەکان و ڕوونکردنەوەی بەڵگەکان، وەڕێنمایی خەڵکی دەکرد بۆ ڕاستییەکان بەو جۆرەی کە لەقورئان وسوننەتدا هاتووە، بەلآم دوژمنەکانی هەر جارەو پڕوپاگەندەیەکیان بۆ دەکرد، جارێك دەیان ووت: خەواریجە،

جارێکی تر دەیان ووت: کۆڕاو یەکدەنگی زانایان پێشێل دەکات وخۆی بە موجتەهید دەزانێ وگوێ بەووتەی زانایان و شارەزایانی پێش خۆی نادات(١) .

---

(١) (بەهەمان شێوەش دوژمنانی شێخ محمد ئێستاش هەر بەردەوامن لەسەر بلآوکردنەوەی بوختان و درۆکردن و پڕوپاگەندە دەربارەی شێخ و شوێن کەوتوانی، تەنها بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لەو بانگەوازە حەقە و سەرخۆش کردنی خەڵکی بە بیدعەو

کەواتە دەتوانین بڵێین کە دوژمنانی شێخ لە ڕاستیدا سێ کۆمەڵ بوون:

١- خەڵکانێك کەخۆیان بەزانا دەزانی بەڵام کەسانێکی خورافی بوون وەحەق لەلایەن پوچەڵ بوو وەبەتاڵ لەلایان دین بوو، وە باوەڕیان وابوو کە دروست کردنی مەزارگەو بیناو ڕازاندنەوەی گۆڕ ودروست کردنی مزگەوت بەسەریەوە وپاڕانەوە لەو مردووەی ناوی لە جیاتی خواو داوای فریاکەوتن وهاوشێوەی ئەمانە هەمووی لەدیندا هەیەو حەقەو ڕاستە، وە هەر کەسێك ئەم شتانە بەدین نەزانێ ئەوا ڕقی لە پیاو چاکانەو پێویستە ئەو کەسە دژایەتی بکرێت .

٢- کۆمەڵێکی تر خۆیان بەزانا دەزانی وەڕاستی ئەم پیاوە بەڕێزەیان نەدەزانی وئاگایان نەبوو لەو بانگەوازەی کە شێخ بانگەشەی بۆ دەکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کوێرانە لاسایی غەیری خۆیان دەکردەوە وهەموو ئەو شتانەیان بەڕاست دەزانی کە دەوترا دەربارەی شێخ لەلایەن کەسانی گومڕاو سەر لێ شێواوەوە .

٣- کۆمەڵێکی تر بەهۆی ترسیان لەپلەو پایە وکورسی‌یانەوە دژایەتیان دەکرد بۆ ئەوەی خۆری ئەو بانگەوازە نەیان گاتێ وببێتە هۆی نەمانی کورسی و دەسەلأتیان .

بەڵام شێخ بەدرێژایی هەموو تەمەنی هەر لەڕووبەڕووبوونەوەدا بوو لەگەڵ چوار دەورەکەی‌دا وبەهەموو شێوازێك وە بەهەمان شێوە لەدوای خۆشی کوڕەکانی و کوڕەزا و خۆشەویستانی هەر بەردەوام بوون لەبەرپەرچ دانەوەی دوژمنانی ئەو بانگەوازە ڕاستە، وە نوسراو نامە و وەڵام دانەوەو فەتواکانیان لەدوای کۆکردنەوەی گەیشتە چەندەها بەرگ وەزۆربەی بەچاپ گەیشتوون، سوپاس بۆ خوا.

ئا بەم شێوەیە شێخ بەردەوام بوو لەسەر بانگەواز وتێکۆشان بە هاوکاری فەرمانڕەوا محمد بن سعود لە درعیە هەر لەساڵانی ١١٥٨ ی کۆچی هەتا وەفاتی لەساڵی ١٢٠٦ ی کۆچی کەدەکاتە زیاتر لە پەنجا ساڵ لەتێ کۆشان و بانگەوازو خەبات وپێ داگری لەسەر حەق و ڕونکردنەوەی فەرموودەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ و بانگ هێشت کردنی خەڵك بۆلای دینی خواو ئامۆژگاری کردنیان بۆ پابەند بوونی بەو شەرعەی کە پێغەمبەری ﷺ لەسەر بوو .

هەتا خەڵکی گوێڕایەڵی خۆیان نیشان داو ئیسلامەتی خۆیان دووپات کردەوەوە

---

خورافەت وشتی پڕوپوچ، وە ناویان دەبەن بەوەهابی).
وەرگێڕ .

هەموو ئەو مەزارگەو چوار چێوەی کە بەسەر گۆڕەکانەوە بوو لابراو هەموو ئەو مزگەوتانەی کە دروست کرا بوون بەسەر گۆڕەکانەوە بوون لابران و گەڕانەوە بۆ لای بەرنامەی خواو وازیان لەحوکمی باو باپیران هێنا، هەروەها مزگەوتەکان پڕ بوون بە نوێژ خوێنان .

کۆڕی زانست و خەڵکی زەکاتی ماڵیان دەداو بەڕۆژوو دەبوون بەو شێوەی کە خوای گەورە داوای کرد بوو، هەروەها فەرمانیان دەکرد بەچاکەو ڕێگریان دەکرد لەخراپەو ئەمن و ئاسایش و خۆش گوزەرانی ڕووی کردە شاروو لادێ کان .

وە لەدوای کۆچی دوایی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کوڕەکانی وکوڕەزاکانی وقوتابییەکانی بەردەوام بوون لەسەر بانگەواز و تێ کۆشانی بێ وچان وە لەسەرو هەموو شیانەوە کوڕەکانی: ئەوانیش پێشەوا شێخ عبدالله، شێخ حسین، شێخ علی، شێخ ابراهیم، وە لە کوڕەزاکانی: شێخ عبدالرحمن بن حسن، شێخ علی بن حسین، شێخ سلیمان بن عبدالله .

لەکۆتایی دا ئەوە ماوەتەوە کە بڵێین: شێخ محمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەو کەسایەتییەیە کە هەستا بەسەر خستنی دینی خواو ڕێنمایی کردنی خەڵکان بۆ یەکخواپەرستی خواو دژایەتی کردنی بیدعەو خورافەت وهاندانی خەڵك بۆ پەیوەست بوون بەحەقەوە و دوور خستنەوەی یان لە بەتاڵ و فەرمان کردن پێیان بەچاکەو قەدەغە کردنی خراپە لێیان .

ئەمە پوختەی بانگەوازەکەیەتی کە بەشێوەیەکی گشتی لەڕوانگەی بیرو باوەڕەوە لەسەر هەمان ڕێگاو ڕێبازی پێشینەی چاکەو باوەڕی بەخواو ناوو سیفاتەکانی هەیە، هەروەها باوەڕی بەفریشتەکان و پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و کتێبە ئاسمانیەکان و ڕۆژی دوایی و قەدەر (خیره وشره) هەیە، وە لە ڕوانگەی باوەڕهێنان بە ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە بەو جۆرە کە شایستەیە بەخوا، وەهیچ کام لەسیفەتەکانی خوا (تعطیل) لەکار ناخات، (واتە: باوەڕی بەو بۆچوونە نییە کە دەڵێت خوا هیچ سیفەتێکی نییە )، پەنا بەخوا .

هەروەها سیفەتەکانی خوای گەورە ناچوێنی بەهیچ لەدروست کراوەکانی، وەباوەڕی بەزیندووبوونەوە و پاداشت و لێ پرسینەوە هەیە وهەروەها باوەڕی بەبوونی بەهەشت و جەهەننەم هەیە .

وە دەربارەی ئیمان لەسەر هەمان ووتەی پێشینە: کە باوەڕ (ئیمان) بریتییە لە

ووتەو کردار کە زیاد دەکات بەچاکەو کەم دەکات بەخراپە .

هەموو ئەمانە بیروباوەڕی شێخە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەلەسەر ڕێبازی پێشینەیە لەکارو ووتەدا هەرگیز لەسەر ڕێبازی ئەوان لای نەداوە و مەزهەب و ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست نەکردووە، بەڵکو لەسەر ڕێگاو بەنامەی پێشینەی چاکە لەهاوەڵان و شوێن کەوتوانیان بەچاکە ﷺ .

وە دەتوانین بڵێین کە هۆکارەکانی دوژمنایەتی کردنی شێخ دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دژایەتی کردنی شێخ بۆ هاوەڵ پەیدا کردن و بانگەوازی خەڵکی بۆ تەنها خوا پەرستی .

٢- دژایەتی کردنی بیدعەو خورافات، وەك: دروست کردنی خانوو بەسەر گۆڕەوە وکردنی بەمزگەوت، هەروەها دژایەتی کردنی ئەو تەریقەت و ڕێچکانەی کە صۆفیەکان دایان هێنابوو .

٣- فەرمان کردن بەچاکەو ڕێ گرتن لەخراپە وجێبەجێ کردنی سنورە شەرعیەکان و لابردنی هەموو کارێکی خراپ و نارەوا و ناشەرعی .

وەسوپاس بۆ خوای گەورە کە بانگەوازەکەی شێخ و ڕۆڵەکانی بەردەوام بوو، وە هەموو لایەکی گرتەوە وبەر بڵاووە بەرادەیەك کە درێژەی کێشاوە هەتا ئەم ڕۆژگارەش کە ئێمە تێیدا دەژین.

**والله المستعان وعليه التكلان**
**وصلى الله وسلم على نبينا محمد**
**وعلى آله وصحبه أجمعين .**

**www.ba8.org**
**www.salafikurd.com**
**www.r-rast.com**
**1428 - 2007**